دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوک

د. بورهان أ. یاسین

(٢-٢)

چ شێوازێک بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوک؟

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، تورکیا وەک زلهێزێکی ئیقلیمی جێگە و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ناوچەدا وە ئەم رۆڵە لە هەندێ لایەنەوە روو لە زیادبوونداببووە وە لە هەندێ رووی ترەوە روو لە لاوازی. ئەمە لە کاتێکدا روو دەدات کە تورکیا لە یەکێک لە قۆناغە هەرە چارەنووسسازەکانیدا تێدەپەڕێ؛ ئەمەش رێک لە دوو رەهەند (نەتەوەی و نێونەتەوەیی) کە بە رواڵەت جیان لە یەکتر، بەڵام لە راستیدا وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاو بە یەکترن: لە ئاستی نەتەوەیی (ناوخۆدا) ململانێی توندی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەسەر پێن کە مەبەست دیاریکردنی ناسنامەی وڵات و دیاریکردنی بنچینە فکری و دەستوری و سیاسی ئەو وڵاتەن، ئەمە رێک رووەدات بە تێکەڵاویەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ روو و رەهەندە نێونەتەوەییەکەی ئەو وڵاتە.

بەهەر حاڵ نابێ گومانمان لەوە هەبێ کە پێگەی تورکیا بە زۆر هۆوە بەرەو بەهێزبوونە. بەڵام ئەوە تەواو پرسیارێکی ترە ئایا دەسەڵاتدارانی تورکیا خۆیان چۆن لەم رۆڵە دەگێڕن و چ جۆرە سیاسەتێک لە ناوە و دەرەوە پیادەدەکەن بۆ ئەو پەڕی سوود وەرگرتن لەو پێگەیە: لە سیاسەتدا روانگە شتێکە بەڵام تێگەیشتن لەم روانگەیە وە سیاسەتکردن لە رۆشنایی ئەو تێگەیشتنە دەتوانێ تەواو شتێکی تر بێت.

رووەکەی تری مەسەلەش، هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانەوە، ئەوەیە کە ئایا لایەنی کوردی خۆی، چا چ لە باشوور وە چ لە باکوور، ئەو رۆڵ و پێگەیە چۆن تێدەگەن وە لە رۆشنایی ئەو تێگەیشتنە چ سیاسەت و دیپلۆماسەک دەخەملێنن و پیادەدەکەن. زۆر بە گشتی، بە لەبەر چاوگرتنی

١) ئەو شێوەیەی کە پەیوەندیەکانی کورد لە باشووری کوردستان لە گەڵ لایەنی عەرەبی لە عیراقی دوای سەدام بەرێوەچوون

٢) ئەو گرفتە چارەنووسسازانەی کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون لەو پەیوەندییانەدا وە

٣) ئەگەری زێدەبوونی رۆلی تورکیا روو لە عیراق و باشووری کوردستان دوای کشانەوەی بەشی زۆری هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق. ئەمانە هەموی هۆی بەرچەستە و بەرچاوون کە کورد لە باشوور پێویستیەکی زۆر زێتری بە کرانەوە لەگەڵ تورکیا هەیە لە ئەوەی کە تا ئێستا هەیە.

لە رۆشنایی رووداو و پێشوەچوونەکانی رابردوو روانگە سیاسیەکانی ئەمڕۆ و ئەگەرەکان بەرووی داهاتوودا پەیوەست بە سێگۆشەی باشووری کوردستان – تورکمان – تورکیا، هەوڵ دەدەم لەم چەند خاڵەدا ئەو بۆچوونەی کە مەبەستە بخەمە روو؛ لە چوارچێوەی دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب، وەک شێوازی نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوک:

١) بینا لەسەر ئەو تێگەیشتنەی کە رۆلی تورکیا زۆر گرنگە و بە ئەگەری زۆریش روو لە زێدەبوونداییە، باشووری کوردستان، بە پێهەڵگرتن لەو راستیە، خۆی بەرامبەر راستیەکی سیاسی–ستراتیژی دەبینێتەوە وە ئەو راستیەش یا ئەوەتا بە هەندێک بۆچوونی کلاسیکی نەگۆڕاو (کە لەوێدا تورکیا دوژمنێکی بەردەوام و نەگۆڕاوە، واتە سیاسەتە کوردیەکە نەگۆڕاوە) مامەڵە دەکات وە یا ئەوەتا تەواو بە پێچەوانەوە لە بۆچوونێکی پراگماتیانەدا (کە تورکیا نەک هەر دەکرێ مامەڵەی لەتەکدا بکرێ، بەڵکو بگرە ئەو مامەڵەیە حەیاتیە بۆ بەرهەمهێنانی هەندێک کرانەوە و پێشوەچوونی پۆسەتیف لە روانگەی ژیۆ–سیاسی کوردیدا) سیاسەت و دیپلۆماسی خۆی دەخەملێنێ. لەو مامەڵەو بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکان زۆر گرنگە لایەنی کوردی لە باشووری کوردستان دوو شتی زۆر سەرەکی لەبەر چاو بگرێ:

١) ئەو باشبوون و چڕبوونەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیا نەک هەر نابێ لەسەر حسێبی کورد لە باکووری کوردستان بێت؛ لە راستیدا پێداگرتن لەسەر بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور وە سوود وەرگرتن لە تواناو ئامادەیی ئەمریکا لەو بارەیەوە، هەر نەبێ لە مەودایەکی دووردا، پێگەی باشووری کوردستان بەهێز دەکات نەوەک لاواز. بۆ ئەوەشی باشووری کوردستان لە هەوڵێکی ئەوەدا وە سەرکەوتوو بێت پێویستە سیاسەت بە سورانەوە لە وە بازدان بەسەر کێشەی کورد و هێزە چالاکەکانی ئەو بەشەی کوردستان نەکات، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە بە دیالۆگ و مەشورە و گۆڕینەوەی هێمای تەندروست. لە هەمان کاتدا زۆر گرنگە بۆ نموونە پکک گرنگی مێژوویی و ستراتیژی سەرکەوتنی ئەزموونی باشوور ببێنن وە ئەوەش بەس نیە بە رواڵەت بەسەر رابگەیێنن بەڵکو گرنگە ئەو بۆچوونە ببێتە بنەما بۆ سیاسەتی پکک؛

٢) چاککردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیا سەرکوتو نابێ ئەگەر لە دیدێکی تاکتیکیانەی سنووردار بێت واتە مەبەست تیایدا لاوازکردنی پێگەی تورکمان لە کوردستان و عیراق بێت. لەم بارەیەوە بۆچوون و تێگەیشتنی هەرە سەرکەوتوو بۆ کورد ئەوە کە دەبێت لە هەمان کاتدا و هاوتەریب کاتێک هەوڵی چاککردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیا دەدرێت هەوڵی جدیش بۆ نزیککردنەوەی تورکمان و کورد لەبەکت بدات.

٢) لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام، دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان بەرەوڕووی حاڵەتێکی نوێ بوویەوە کە لە هەموو رووێکەوە پڕ بوو لە تەحەدا. یەکێ لەو تەحەددایانە خەملاندنی سیاسەتێک بوو بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی کوردی بوو بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە لە بۆچوونێکی کوردستانیەوە بەشێکن لە کوردستان. بە پێی زۆر بۆچوون لایەنی کوردی لە زۆر رووەوە کورتهێنا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حاڵەتە نوێیەدا. بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تورکمان، نەیتوانی متمانە لە پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەم کەمایەتیە مسۆگەر بکات. دیارە بەشێکیش لەو کورتهێنانە دەگەڕێتەوە سەر هەڵوەستەی نێگەتیڤانە هەندێ لایەنی تورکمانی. دیارە بەشێکیش لە هەڵوەستە نێگەتیڤانەی تورکمان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هەرنابێ بەشێک لە تورکمان لەو باوەڕەدا بوون کە تورکیا پشگیریان دەکات لە هەر هەڵوەستەیەکی نێگەتیڤانە بەرامبەر بە کورد. بە هەر حاڵ لایەنی کوردی زۆر درەنگ لە ئاڵۆزی کێشەی کەرکوک و رۆڵ و کاریگەری تورکمان لەو ئاڵۆزیەدا وشیاربوویەوە. ئاخر ئەو سەردانەی کە سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی پارساڵ بۆ کەرکوک کردی زۆر درەنگ کەوت وە کە درەنگیش کەوت ئەو سەردانە نەبووە ئامرازێک بۆ راگەیاندنی سیاسەتێکی کوردستانیانەی هەرە فراوان و ریشەگیر لە مەڕ چارەسەری کێشەی پەیوەندیەکانی کورد و تورکمان. لەم بارەیەوە هەرچەندە کاتێکی زێڕین لەدەست کورد چووە کە تیایدا کورد دەیتوانی سیاسەتێکی پۆسەتیڤانە تر بەرامبەر بە تورکمان پیادە بکات، ئێستاش دوو هێما و جەختکردنەوەی هەرە گرنگ کە دەسەڵاتی کوردی بیدات بە تورکمان ئەوەیە کە:

١) کورد چاوی لەوە نیە وە بۆ ئەوەش کارناکات کە بە رۆحیەتی نەتەوەی زۆرینە و سەردەست مامەڵەی تورکمان بکات؛

٢) لە روانگەی سیاسیەوە تورکمان کاریگەری زیاتری دەبێ ئەگەر بێ بە توخمی دووەم لە کوردستان دوای کورد وە بەم مانایەش سەنگی تورکمان زۆر زێتر دەبێ ئەگەر بەشێک بێ لە کوردستان بە چەند ملیۆنێک دانیشتوانەوە لەوەی کە بەشێک بێت لە عیراقی عەرەبی کە لەوێدا تورکمان دەبێ بە ژمارەیەکی زۆر بچووک و ناکاریگەر؛

٣) ئەو دەسەڵات و سیستەمە سیاسیەی کە کورد دەیەوێ لە کوردستان بەرهەمیێنێ بە هیچ شێوەیەک یەک رەنگ نابێت بەڵکو هەمەڕەنگ دەبێت، لەسەر پرەنسیپی هەمە کولتوری و هەمەناسنامەیی و هەمەڕەنگی ئیتنی؛

٤) دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەرفەتێکی مێژوویی بەدەستەوەیە کە بەر لە بڕیاردان لەسەر دەستوری کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا مافێکی زۆر زێتر بدات بە تورکمان لەوەی کە لە دەستوری عیراقدا بۆ تورکمان و کەمایەتیەکان دیاریکراوە؛ ٥) ئەگەر تورکمان ببینێ کە هاوکات باشووری کوردستان پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا باش دەکات ئەوا بە واقیعبینیەکی پۆزەتیڤتر لە کورد لە باشوور نزیک دەبێتەوە.

٣) هەر پێشوەچوونێکی پۆزەتیڤانە لە پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان لە لایەک وە تورکمان و تورکیا لە لایەکی ترەوە ئەوا بەبێ ئەوەی بە هەڵوێستەی خۆی بەرامبەر بە بەغدا بەهێز دەکات وە بەو مانایەش ئەگەری ئەوەی کە لایەنی عەرەبی لە عیراق لە توانای بەکارهێنانی دوو فاکتەری تورکمان و تورکیا بەرامبەر بە کورد لاوازتر دەبێ.

ئاخر ئەو سەردانەی کە سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی پارساڵ بۆ کەرکوک کردی زۆر درەنگ کەوت وە کە درەنگیش کەوت ئەو سەردانە نەبووە ئامرازێک بۆ راگەیاندنی سیاسەتێکی کوردستانیانەی هەرە فراوان و ریشەگیر لە مەڕ چارەسەری کێشەی پەیوەندیەکانی کورد و تورکمان

دەرئەنجام

لە بەراوردێکی روانگەی سیاسی کورد ئەمڕۆ لە مۆدێلی سێگۆشەی تورکیا–کورد–تورکمان لەگەڵ حاڵەتێکی مێژووی لە مۆدێلی سێگۆشەی ئێران–کورد–عیراق دەتوانرێ باس لە دوو شێوەی سەرەکی لە پەیوەندیەکان، واتە شێوازی نزیکبوونەوە لە ململانێکان و چارەسەرکردنیان، بکرێت. لە مۆدێلە مێژوویەکەدا عیراق سازش دەکات لەگەڵ لایەنێک (جارێکیان لەگەڵ کوردا -١٩٧٠- بۆ پشتشکاندنی ئێران وە جارێکیشیان لەگەڵ ئێران -١٩٧٥- بۆ پشتشکاندنی کورد). مێژوو دەریخست کە عیراق لە شێوازی مامەڵەدا کورتبین بوو وە بەم شێوەیەش هیچکام لەو کێشانە (نە پەیوەندی لەگەڵ کورد وە نە پەیوەندی لەگەڵ ئێران) چارەسەر نەکران. وانەیەکی گرنگ لەم مێژووە بە ئەگەری زۆر دەتوانی ئەوە بێت کە گەمەی کورد لە خۆ نزیککردنەوە لە تورکمان بە مەبەستی پشتشکاندنی تورکیا وە یا پێچەوانەکەی خۆنزیککردنەوە لە تورکیا بە مەبەستی پشتشکاندنی تورکمان کوردەدەمێنێ. بە پێچەوانەوە پیادەکردنی دیپلۆماسیەکی دوو هێڵی هاوتەریب (بە دوو ئاقاردا پۆسەتیڤ) بەرامبەر بە هەردوو لا (تورکمان و تورکیا) دەکرێ کۆمەڵا دەرهاویشتەی پۆزەتیڤی لێبکەوێتەوە لەوانە هەندێکیان بینراو و راستەوخۆن وە هەندێکیشیان ناراستەوخۆ و هەرنەبێ لە ئێستادا نەبینراون.

ئەم دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریبە نەک هەر باری گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کورد لە لایەک وە تورکمان و تورکیا لە لایەکی ترەوە کەم دەکاتەوە بەڵکو پێگەیەکیش دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەمانەش فەراهەمکردنی بارێکی سایکۆلۆژی پۆسەتیڤ لە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان. بە مانایەکی تر باشترین شێوەی بێلایەنکردنی تورکیا و تورکمان لەمەڕ کاریگەریە نێگەتیڤانەکانیان لەسەر باشووری کوردستان مامەڵەی پۆسەتیڤانەی هاوکاتە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە. لە راستیدا ئەوە شێوەی هەرە تەندروستە بۆ کەمکردنەوەی هەرەشەی ئەوەی کە ئەو دوو لایەنە لە هاوکێشەیەکی پڕ لە ململانێدا سوود لە توانای یەکتر وەربگرن بە مەبەستی کاریگەری نێگەتیڤانە خستنە سەر باشووری کوردستان. بە پێی بۆچوونێکی ئەوها کاتێک تورکمان دەبینن پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا لەو پەڕی پەرەسەندندان ئەوا ئیتر تورکمان هیوای کەم دەبێتەوە بە پشتگیری تورکیا و لە ئاکامدا نەرمی زێتر لە هەڵوێستایاندا بەرامبەر بە باشووری کوردستان دەنوێنن. لە لایەکی ترەوە ئەگەر تورکیا ببینێ کورد لە تورکمان نزیکبۆتەوە ئەوا لە ئاکامدا دەبینن کە ئەو وڵاتە بێبەش بووە لە چەکێکی کاریگەر بەرامبەر بە باشووری کوردستان دەنوێنن. لە روانگەی سیاسیشەوە ئەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی باشووری کوردستان بەرامبەر بە تورکیا.

کاتێکیش باس دێتە سەر عیراق وە هەڵوەستەی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بەرامبەر بە کورد لەو وڵاتە ئەوا لە ئاکامی سەرکەوتنی دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب بە ئەگەری زۆر ئەو حکومەتە ناوەندیە حسێبی ئەوە دەکات کە لە بەکاربردنی دوو کارتی سیاسی (تورکمان و تورکیا) مەحروم بووە و دەرگای تورکیاش بەرامبەر باشوور کراوەیە: کەواتە روانگە سیاسیەکان بەشێوەیەکی تر دەبینێ و مامەڵەی لەتەکدا دەکاتز بە مانایەکی تر کەمبوونەوەی فشاری دوو کێشەو ململانێی تورکیا و تورکمان لەسەر کورد بێگومان پێگەی کورد بەرامبەر بە بەغدا بەهێزدەکات.

لوند، سوید ١٦-٢-٢٠٠٩